www.kurdistannet.org
13-11-2005 22:17بەكاتی ناوەندی ئەوروپا

## بەڵێن ئەدەین تاوەکو ئیرارەی کوردی یەک نەگریتەوە دەنگ نەدەین ... ئەنوەر خەراجیانی



وورتەورت زۆر باوە لە ناو كۆمەڵ قسە لەگەڵ هەركەسێك دەكەیت كەوا لایەنگیربێت یان بێ لایەن هەمان شت دەڵێن تا ئیدارەی كوردی یەك نەگرێتەوە دەنگ نادەین، یان هۆكاری یەک نەگرتنەوەی دوو ئیدارەكە بەئاشكرا بخەنە بەردەم كۆمەڵگای كوردی لە بەر چی شتێك یەكناگرنەوە.

چەند ساڵە هەردوو سەرۆكی حیزب یان هەردوو مەكتەبی سیاسی كۆدەبنەوە بە بێ ئەوەی كەس بزانێت باسی چیشتێكیان كردووە دوای كۆبونەوەكانیان ڕایدەگەیەنن كەوا كۆبوونەوەكانمان ئیجابی بووە خودی باسەكان ئاشكراناكەن بۆ هاووڵاتی تاوەكو خەڵكی كورد چەواشە نەبێت لە دەنگدان یان دەنگ نەدان، بەهەركەسێك دەڵەیت كاكە گیان بۆچی دەنگ نادەیت بەبێ سێ و دوو دەڵێت دەنگ بۆ كێ بدەم مەسئولی پی دەوڵەمەند بێت یان مەسئول بیخوات یان تاكەی ئەم دووئیدارەیە نابنەوە بەیەك.

زۆر كەسیش هەیە گوێی بە یەككگرتنەوەی ئیدارەی كوردی نادات یان ئەوەی مەبەستی نەبێت دەوڵەمەند بوونی هەندێك لە بەرپرسەكانە هەڵبژاردن بە كارێكی نیشتمانی دەزانێت بە تایی بەتی لەم كاتەدا.

بە گشتی ڕای خەڵكی كورد لە هەندەران بەم جۆرە زیاتر بیر لە هەڵبژاردن دەكەنەوە. دەنگدان بەدەستوری هەمیشەیی عێراق خەڵك زۆر كەم دەنگی دا بەتایبەتی لاوەكان، ئایە كەمی دەنگدان بەدەستوری هەمیشەیی ڕەنگدانەوەی نابێت لە هەڵبژاردنی داهاتوو، ساڵی پار خەڵكی زۆر گەرموگوڕ بوون لە چونیاندا بۆ سندوقی دەنگدان كەوا زۆرینەی خەڵك لە ووڵاتێكەوە دەچوو بۆ ووڵاتێكی تر بۆ دەنگدان یان بە هەزاران (كم) دەبڕی بۆ دەنگدان، من وا هەست دەكەم ئەمساڵ ڕێژەی دەنگدان زۆر كەمبێت هۆكاری كەم دەنگی بۆ هەڵبژاردن دەكەوێتە ئەستۆی حیزبەكانەوە دەبێت لە ئێستاوە بەرنامەی چاكی بۆ ئامادە بكەن دەبێت زۆربەی كات بەرنامەكانیان تەرخان بكەن لەو پێناوەدا ئەوەندی پڕوپاكاندا دەكەن لە میدیاكانتاندا بۆ گۆرانی بێژی تورك ئیبراهیم تاتلیس ئەوەندە بكەن بۆ هەڵبژاردن باوەڕم وایە كەسانێكی زۆر دەچن بۆ دەنگ دان.

هیوای سەركەوتن بۆ هەڵبژاردنی داهاتوو
هیوای یەككگرتنەوەی ئیدارەی كوردی